# زو بەشودانی کچان لە نێوان زانایانی شەریعەو قانوندا

**م. کامران جمال محمد**
بەشي شەريعە، کۆلێژی زانستە ئیسلامیکان، زانکۆی سلێمانی
kamaran.mohemmed@univsul.edu.iq

**کورتەی توێژینەوە:**
گومانی تێدا نییە یەکێك لەو پرسیارانەی زۆر جار ڕووبەڕوی ماف پەروەران و، زانایانی شەریعە دەبێتەوە، بریتیە لەبەشودانی کچانی منداڵ لەلایەن سەرپەرشتیاران و، بەخێو کەرانیانەوە پێش ئەوەی بگەنە تەمەنی پێگەیشتن و باڵغ بون، وەئەمە ئاریشەو کێشەیەکە بەبۆچونی من تا ئێستا کەم تازۆر هەر ماوەو کەسانێك پێوەی دەناڵێنن بەشێوەیەك لەشێوەکان، وەزۆر جار عورفی گشتی بەتاوانبار دادەنرێت لەم بابەتەدا، وەگەڵێك جاری دیکە تێکستە دینیەکان و، بەندە قانونیەکان دەستی تۆمەتیان بۆ درێژ دەکرێت.

وە دروست بوونی زوو بەشودانی کچانی منداڵ و دروست نەبوونی لەو بابەتانەیە کەوا ڕاجاییەکی زۆری تێدا هەیە، هەر لە سەردەمی پێشینانەوە تاکو ئەمڕۆمان، وە چەندەها بۆچوونی جیاوازو دژ بەیەک لە بارەی ئەم بابەتەوە هاتووە، بۆیە زانایان دابەش بوون بۆ دوو بەش: بەشێکیان ئەم جۆرە هاوسەر گیریەیان بە لاوە دروستە، هەندێکیشیان ئەڵێن دروست نییە، وە هەریەکێک لەمانە هەستاوە بە گفتوگۆکردن و شیتەڵکردنی بۆچوونی بەرامبەرەکەی، وەلە بۆچونەکانیاندا پشتیان بەستووە بە فەرموودەکانی پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لێبێت) و، کردارەکانی، وەئەو ڕوداوانەی کەپێمان گەشتووە لە هاوەڵانی بەڕێزییەوە، وە ئەم بابەتە ئەهمیەت و گرنگییەکی زۆری هەیە، هەر بۆیە زانیانی شەریعەو قانون زۆر باس و، بابەت و، پەرتوکی خۆیان تایبەت کردووە بەلێکۆڵینەوە لەبارەیەوە، منیش بەگرنگم زانی کەوا شرۆڤەی ئەم بابەتە بکەم بە شێوازێکی چڕو پڕ، وە هەستم بە دەرخستنی بۆچونی بەهێز تێیدا، وەلە پاش خوێندنەوەم بۆ باسەکە بۆم دەرکەوت توێژینەوەکە وا دەخوازێت کە دابەش بکرێت بۆ سێ سەر باس بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

سەر باسی یەکەم: مەبەست و مانای هاوسەرگیری و بەشودانی پێش وەختە لەڕوانگەی شەریعەت و قانونەوە.

سەرباسی دووەم: بۆچونی زانایانی شەریعەو قانون لەبارەی هاوسەرگیری کەسانی نا پێێگەشتوەوەو هێنانی بەڵگەکانیان .

سەرباسی سێیەم: شرۆڤەو هەڵسەنگاندنی بەڵگەکان و دیاری کردنی بۆچونی بەهێز بەلای نوسەرەوە.

کۆتایی توێژینەوەکەش دێنین بەباسکردنی گرنگترین ئەو خاڵانەی کە لەکاتی نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا پێي گەیشتوین، لەگەڵ ڕاسپاردەکان.

**کلیلە وشە:** هاوسەرگیری،نا پێگەیشتو، کۆی زانایان، ئیبنو شوبرومە.

**ملخص الموضوع:**
لا شك أن مشروعية زواج الصغيرة، أو عدم مشروعيته من المواضيع التي حصل حولها الخلاف منذ عصر السلف الى يومنا هذا، وهناك آراء ووجهات نظر متباينة حولها، وانقسم العلماء في جواز هذا العقد، وعدم جوازه الى قسمين، قام كل قسم منهما بمناقشة أدلة القسم الآخر، واستدل كلٌ منهما بأقوال الرسول (عليه الصلاة والسلام)، وأفعاله، وبما ورد عن أصحابه الكرام، وللموضوع هذا أهمية قصوى؛ لذلك ، أحببت أن أناقش هذا الموضوع بشيءٍ من التفصيل، وأبيّن الرأى الراجح من وجهة نظري، وقمت بدراسة الموضوع في ثلاثة مطالب: في المطلب الأول بدأت بتعريف الزواج لغةً واصطلاحاً، ثمّ أشرتُ الى معنى الصغر ومقصود العلماء من زواج الصغيرة، وفي المطلب الذي يليه ذكرت آراء الفقهاء حول زواج الصغيرة وأدلتهم، وفي المطلب الثالث قمت بمناقشة أدلة الفريقين، واختيار الرأي الراجح.

**Abstract**
There is no doubt that the legality or illegality of marrying a child is one of the topics over which disagreement has occurred since the era of the predecessors to the present day, and there are different opinions and viewpoints about it. The scholars divided the permissibility of this contract and its

impermissibility into two parts, each group of which discussed the evidence of the other section. Each of them cited the words of the Messenger (may peace and blessings be upon him) as evidence, his actions, and what was reported from his honorable companions. This topic is of utmost importance. Therefore, I wanted to discuss this topic in some detail, and clarify the most correct opinion from my point of view, and I studied the topic in three demands: In the first topic, I began by defining marriage linguistically and terminologically, then I pointed to the meaning of being young and the scholars' intent regarding the marriage of a young girl, and in the next topic I mentioned The opinions of jurists on the marriage of minors and their evidence. In the third section, I discussed the evidence of the two groups, and chose the most likely opinion

**سەرباسی یەکەم**

**پێناسەی هاوسەرگیری و مەبەست لە مانای زوو بەشوودانی کچان لە ڕوانگەی شەرع و زمانەوانییەوە:**

یەکەم مانای هاوسەرگیری لە ڕوانگەی زمانەوانی و شەرعەوە:

سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین کەوا هاوسەرگیری بە زوبانی عەرەبی پێی دەڵێن (الزواج) وە ئەم وشەیەش لە زمانەوانیدا لە ڕەگی (زوجَ يزوج زواجاً) وە هاتووە کە بەم مانایانەی خوارەوە عەرەب بە کاریان هێناوە:

1- بە مانای ئەوەی کە تۆ لە یەکەوە یاخود لە تاکەوە ڕۆیشتبیتە قۆناغێکی دیکە کە ئەویش قۆناغی جووتە، هەر وەک دەڵێن: تاک و جوت، بەعەرەبی دەڵێن: (شفع و وتر) (ابن منظور، لسان العرب، ب2، لا: 291، بەشي: زاي).

2- (زوج) لە زوبانی عەرەبیدا بە مانای ڕەنگ هاتووە هەر وەک لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە { من كل زوج بهيج} (ق، ئایەتی: ٧) (الفراهدي، خليل، كتاب العين، ب6، لا: 166، باسي: جيم و زاي).

3- مەبەست لە هاوسەران پیاوێک و ژنێکە، هەروەک خودای گەورە دەفەرموێت: { فاسلك فيها من كلّ زوجين اثنين} (المؤنون، ئایەتی: ٢٦) (زاهیدی، خەلیل، ب: ٦، لا: ١٦٦)

4- هاوسەر بە مانای جۆر و شێواز دێت لە هەموو شتێکدا. (زوبەیدی، محمد، ب: ٦، لا: ٢٢، باسی: زای لەگەڵ جیم).

5- هاوسەرگیری مانای بەشوودانیش دێت لە زوبانی عەرەبیدا، وەمەبەستی زمانەوانی ئێمەش لەم باسەماندا ئەم خاڵەیە. (ئیبن فارس، ئەحمەد، موعجەم مەقاییس اللغه، ب:٣، لا:٣٥، باسی زەواج).

**مانای هاوسەرگیری لە لایەن زانایانی شەرع و قانوونەوە:**

زانایانی حەنەفی دەڵێن: هاوسەرگیری بریتییە لە گرێدانی پەیوەندییەک لەسەر بنەمای بە دەست هێنانی چێژ وەرگرتنێکی مەبەست، یان بریتییە لەو پەیوەندیەی کە لە ڕێگەیەوە پیاو ژن دەتوانن چێژە فیسۆلۆجییەکان لە یەکدی وەرگرن. (زیلەعی، عوسمان، تبيين الحقائق شرح كنز الدقائق، ب: 2، لا: 94)

زانایانی مالیکی دەڵێن: هاوسەر گیری بریتییە لە گرێدانی پەیوەندییەک تا لەڕێگەیەوە پیاو بتوانێ چێژ ببینێت لە ڕەگەزی بەرامبەری، بە مەرجێک ئافرەتەکە یەکێک نەبێ لەو ئافرەتانەی کە لەکەسە نزیکەکانیەتی، یاخود ئاگر پەرست نەبێت، یان کەنیزەکێکی ناموسڵمان نەبێت، ئەمەش لە ڕێگەی پەیمانێکەوە دەبێت بۆ کەسانێک کە پێویستییان پێی هەیە، یاخود چاوەڕێی هەبوونی منداڵیان لێ دەکرێت. (الصاوی، ئەحمەد، بلغة السالك لأقرب المسالك، ب:2، لا: 333).

وە زانایانی شافیعی و حەمبەلی لە پێناسەی هاوسەرگیریدا وتوویانە: بریتییە لە گرێدانی پەیوەندییەک کە دروستی چێژ وەرگرتن لە یەک لە خۆ دەگرێت بە وشەی(تزويج وە نیکاح) یان مانای ئەم دوو وشەیە دوای وەرگێرانیان) (الأنصاري، زكريا، أسنى المطالب في شرح روض الطالب، ب:7، لا: 183. المقدسي، ابن قدامة، الشرح الكبرى على متن المقنع، ب:7، لا: 333).

زانایانی شیعەی ئیمامیش دەڵێن بریتییە لە گرێدانی پەیوەندی هاوسەرگیری لە نێوان ژن و پیاوێکدا. وەهەندێک جار وشەی نیکاح لە زوبانی عەرەبیدا بە مانای سەرجێیی کردن هاتووە. (الطوسي، ابن حمزة، الوسيلة الى نيل الفضيلة، لا: 14).

لە یاسای باری کەسی عێراقیشدا پێناسەی هاوسەرگیری کراوە بەم شێوەی خوارەوە: "بریتییە لە گرێدانی پەیوەندی لە نێوان پیاوێک و ئافرەتێک، کە بۆ یەکتر حەڵاڵن لە ڕوانگەی شــەریعەتی ئیســلامەوە، کەمەبەســت لێی دروســتکردنی پەیوەندییەکە بۆ ژیانێکی هاوبەش و خستنەوەی وەچە". (یاسای باری کەسی عێراقی، ساڵی: 1959ز، ژمارە: 188، برگەی: 3).

**دووەم: مەبەست لە مانای بچووک یاخود (الصغیر) لە ڕووی زمانەوانی و شەرعەوە:**

بچووک لە ڕووی زمانەوانییەوە بە شتێک دەوترێت کە پێچەوانەی گەورە بێت، کە دەڵێین ئەو شتە بچووکە واتە: یان کێش، یان ئەندازە، یان تەمەنی کەمە، کە ئەمەش پێچەوانەی گەورەیە ، لە پەندی پێشــینانــدا هاتووە: "زانســت وەرگرتن لە بچووکیدا وەک نەخشی سەر بەرد وایە". (الجوهري، اسماعیل، الصحاح، ب:2، لا: 713، باسی: الصغر. عبدالحمید، أحمد، معجم اللغة العربیة المعاصرة، ب:2، لا: 1297، باسی: صغر).

وە لە ڕووی شــەرعییەوە عەلی حیدەر پێناســەی بچووکی کردووە بەوەی کەوا مەبەســت لێی منداڵە، وەدەڵێت کاتی منداڵیش بریتییە لەو ماوەیەی کە لە دایکبوونەوە دەســت پێدەکات تا کاتی پێگەیشــتن و باڵغ بوونی، وە بچووکی وێنای کاتێک دەکات کە هەموو هێزو تواناکانی مرۆڤ کامڵ نەبوو بن. (حیدر، علي، درر الحكام في شرح مجلة الأحكام، ب:2، لا: 654).

تێبینی: وشەی بچووک یاخود منداڵ بریتییە لەو دەستەواژەیەی کەوا زانایانی شەریعەت زۆر بەکاری دەهێنن، بەڵام زانایانی بواری یاســا بە زۆری وشــەی پێنەگەیشــتوو یاخود (قاصــر) بەکاردەهێنن، وە پێناســەی پێنەگەیشــتووش بەم شــێوەیە کراوە لای زانایانی قانوون: "بریتییە لە کەســێک کەوا نەگەیشــتبێتە تەمەنی پێگەیشــتن کە ئەویش بریتییە لە هەژدە ســاڵی تەواو". (قانون رعایة القاصرین، ژمارە: ٧٨، ساڵی: ١٩٨٠ز، بڕگەی:٣).

**سێیەم: ماناو مەبەست لە دەستەواژەی زو بەشودانی کچان:**

لە ئەنجامی ئەوەی کە باسکرا دەتوانین پێناسەی زو بەشودانی کچان لەڕوانگەی زانایانی شەرعەوە بەم شێوەیە بکەین: بریتیە لەو پرۆســەیەی هاوســەرگیری کەوا کچە بەشــو دراوەکە نەگەشــتبێتە تەمەنی پێگەیشــتن، یاخود نەگەشــتبێتە تەمەنێك کەبتوانێت کاری سەرجێی کردن ئەنجام بدات.

وەلەڕوی یاســاییشــەوە بریتیە لەو هاوســەرگیریەی کەوا کچەکە نەگەشــتبێتە تەمەنی دیاری کراوی یاســایی بۆ بەشــودانی. (خیري، أحمد، تزويج الصغيرة في ظل التحديات المعاصرة، لا: 3436).

**سەرباسی دووەم**

**بۆچونی زانایان لەبارەی زو بەشودانی کچانەوەو بەڵگەکانیان:**

لەبارەی زو بەشــــودانی کچانەوە لە نێو زانایاندا ڕاجیایی و بۆچونی جیاواز هەیە کە لە پەرتووکە فیقهی و یاســـاییەکاندا ئاماژەی پێدراوە، من لێرەدا هەوڵ دەدەم هەموو بۆچوونەکان لە دوو خاڵی سەرەکیدا کورت بکەمەوەو لە خوارەوە ئاماژەیان پێ بدەم:

بۆچوونی یەکەم: کۆی زانایانی حەنەفی و، مالیکی و ، شافعی و، حەمبەلی و، زاهیری و، شیعەی ئیمامی پێیان وایە کەوا: دروستە بۆ باوک کە کچی بچووکی خۆی بە شو بدات هەرچەند ئەم کچە نەگیشتبێتە تەمەنی پێگەیشتن و باڵغ بوون. (السرخسي، أحمد، المبسوط، ب:4، لا: 212. القرطبي، یوسف، الكافي في فقه أهل المدینة، ب:2، لا: 522. الشیرازي، أبو اسحاق، المهذب في فقه الإمام الشــافعي، ب2، لا: 429. المقدســي، ابن قدامة، المغني، ب7، لا: 429. ابن حزم، علي، المحلى بالآثار، ب:9، لا: 44. مختلف الشیعة، ب:8، لا: 107).

بەڵکو هەندێک لە زانایان یەکدەنگی زانایانی دیکە دەهێننەوە کەوا دروستە کچ پێش پێگەیشتنی بە شوو بدرێت، بۆ نموونە ئیبن مونزیر دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "هەموو خاوەن زانستە شەرعییەکان یەک دەنگن کەوا دروستە باوک کچە بچووکەکەی خۆی بە مێرد بدات، بە مەرجێک ئەو کەسەی کە پێی دەدات هاوشــانی خۆی بێت، وە دەڵێت هەتا دروستە پێی بدات هەرچەند کچەکە پێی ناخۆش بێت و دژیشی بێت. (ابن المنذر، أبوبكر، الإشراف على مذاهب العلماء، ب:5، لا: 19).

وەبەهەمان شــێوەی ئیبن مونزیر شــەوکانی و ســەعدی ئەبو جیبیش کۆدەنگی زانایان دەهێننەوە لەســەر دروســتی ئەم جۆرە هاوسەر گیریە. (الشوكاني، محمد، نیل الأوطار، ب:6، لا: 143-144، باسی: ماجاء فی الإجبار والإسئمار. أبو جیب، سعدی، موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي، لا: 1090، بابەتی: ٤١٥٩).

بەڵام هەموو ئەو زانایانەی کەوا بە لایانەوە دروســتە کچی منداڵ لەلایەن باوکیەوە بەشــو بدرێت لە هەندێک خاڵی دیکەدا لەنێو خۆیاندا ڕاجیاییان هەیە وەک لە خوارەوە ئاماژەی پێدەدەین:

أ- حەنەفیەکان پێیان وایە کەوا چۆن دروســتە بۆ باوک کچی نابالغی خۆی بە شــوو بدات، بە هەمان شــێوە بۆ هەمو سەرپەرشتیارەکانی دیکەش دروستە، وەهیچ جیاوازییەک نییە لە نێوان باوک و گشت سەرپەرشتیارەکانی دیکەدا تەنها لە یەک خاڵدا نەبێت ئەویش ئەوەیە ئەگەر باوک کچە بچوکەکەی خۆی بەشــو بدات ئەو کچەکە بۆی نییە کاتێک کە پێدەگات پەشــیمان



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

ببێتەوە، بەڵام ئەگەر سەرپەرشتیارەکانی دیکە کچەکەیان بە شودا ئەو کچەکە سەرپشکە لە دوای پێگەیشتنی کەئایە بەردەوامی دەدات بەم هاوسەرگیریە، یاخود نا. (السرخسي، محمد، المبسوط، ب:4، لا: 212-214).

ب- مالیکییەکانیش پێیان وایە کەوا باوک دەتوانێت کچی بچوکی خۆی بدات بە شـــو بەبێ ئەوەی هیچ جیاوازییەک هەبێت کە ئایە منداڵەکە کچە یاخود بێوەژنە، وە بەبێ ئەوەی هیچ پرســـێکی پێ بکات، بەڵام بە مەرجێک کچەکە باڵغ نەبووبێت ئەگەر هاتو گەشنبوە تەمەنی باڵغ بون ئەوە ئەگەر هاتو کچ بوو دیسان دروستە باوک بەبێ پرسی خۆی بە شوی بدات. کچ لای ئیمامی مالیک لەگەڵ هەبونی باوکدا هیچ پرس و ڕاوێژێکی پێ ناکرێت. بەڵام ئەگەر هات و ئافرەتەکە بێوەژن بو وەباڵغیش بوو ئەو بە هیچ شێوەیەک نەباوک نەهیچ کام لەسەر پەرشتەکانی ناتوانن بەبێ ڕەزامەندی خۆی بە مێردی بدەن. (القرطبي، یوسف، الكافي في فقه أهل المدينة، ب:2، لا: 522-523).

ج- و سـەعیدی کوڕی موسـەیب و شـافعی و ئیمامیەکانیش دەڵێن کەوا دروسـتە بۆ باوک کچ بەشـو بدات بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی، جا کچەکە گەورە بێت یاخوا منداڵ بێت هیچ جیاوازییەکی نییە، ئەوان بەلایانەوە وایە کە باپیرەش هەمان ڕۆڵی باوک دەبینێت لە زو بەشودانی کچاندا بەڵام ئەگەر هاتو ئافرەتەکە بێوەژن بو وەباڵغ و عاقڵیش بو ئەوا بۆ هیچ کەس نییە لە سەر پەرشـتیارەکانی هەتا ئەگەر باوکیش بێت کە بە شـوی بدات بەبێ ڕەزامەندی خۆی، وە ئەگەر هاتو ئافرەتە بێوەژنەکە منداڵ بوو ئەوا دروسـت نییە بە مێرد بدرێت هەتا گەورە دەبێت و دەگاتە ئەندازەی باڵغ بون؛ چونکە بۆچونی ئەم ئافرەتە بەمەرج گیراوە لە گەورەییدا، بۆیە نابێت سـەرپەرشـتیار خۆی لێدەرباز بکات بەهۆی منداڵییەکەیەوە. (الشيرازي، أبو اسحاق، المهذب في فقه الإمام الشـافعي، ب:2، لا: 429-430. جميل، هاشم، فقه الإمام سـعيد بن المسـيب، ب:3، لا: 202. الحلي، مختلف الشـيعة، ب:8، لا: 107).

ســـەرنج: ئەوەی کە تێبینیمـان کرد لە بۆچونی زانـایانی حەنەفی و شـــــافعی بریتییە لەم خاڵەی خوارەوە "هۆکـاری بوونی ســـەرپەرشـــت یاخود (ویلایەت) بە ســـەر کیژی منداڵەوە بریتییە لە کچێنی لە لای ئیمامی شـــافیعی (ڕەزا و ڕەحمەتی خودای لێبێت)، بەڵام بەلای ئیمامی حەنەفییەوە (ڕەزاو ڕەحمەتی خودای لێبێت) بریتییە لە نەبونی عەقڵ یاخود کەم عەقڵی. (الزيلعي، عثمان، تبيين الحقائق شرح كنز الدقائق، ب:2، لا: 122).

د- ئیمامی ئەحمەد و زانایانی حەمبەلی مەزهەب (ڕەزا و ڕەحمەتی خودایان لێبێت) هەمان بۆچونی ئیمامی شـــافعییان هەیە لەوەدا کە بێوەژن بەبێ پرســـی خودی خۆی دروســـت نییە بە شـــو بدرێت، وە بە نیســـبەت کچەوە پێیان وایە ئەگەر بدرێت بە هاوشـانی خۆی ئەوە هاوسـەرگیرییەکە دروسـتە و دادەمەزرێت با کچەکەش ڕازی نەبێت، وە هیچ جیاوازییەکیش ناکەن لەنێوان ئەوەدا کەئایا کچەکە منداڵە یاخود گەیشتۆتە تەمەنی باڵغبون و پێگەیشتن، بە نیسبەت کچی منداڵ ئەوە هیچ ڕاجیایەکی تێدا نییە، بەڵام ئەگەر هات و کچەکە باڵغ بو ئەوە دو بۆچون هەیە بۆچوونی یەکەم دەڵێ: باوک دەتوانێ بەبێ پرســـی خۆی بیدات بە شـــو هەروەک کچی ناپێگەیشتو.

بۆچوونی دووەم دەڵێت: نەخێر ناتوانێت ئەم کارە بکات وە ڕێگەپێدراو نییە، وە هەریەک لەم دو بۆچونەش بەڵگە و دەلیلی تایبەت بە خۆیان هەیە. (المقدسي، ابن قدامة، المغني، ب:7، لا: 40-41).

ز- بەلای مەزهەبی زاهیریشـەوە دروسـتە بۆ باوک کەوا کچی نابالغی خۆی بدات بە شـو بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی لێی، وە دەڵێن هەرکات دای بە شـــو دواتر کچەکە لە کاتی باڵغ بوونیدا هیچ دەســـەڵاتێکی نییە کەوا گرێبەســـتی هاوســـەرگیریەکە هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵام ئەگەر هاتو باڵغ بو وەگەیشتبوە قۆناغی پێگەیشتنەوە ئەوە بۆ هیچ کەس نییە بە شوی بدات بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئایا کچە یاخود بێوەژنە، وە پێشـیان وایە کە بێوەژنی نابالغ بە هەمان شـێوە دروسـت نییە بدرێت بە شـوو هەتا دەگاتە تەمەنی باڵغبون و ڕەزامەندی لێ وەردەگیرێت. (ابن حزم، علي، المحلى بالآثار، ب:9، لا: 38).

بەڵگە و دەلیلەکانی زانایانی خاوەن ئەم بۆچونە:

یەکەم بەڵکە قورئانییەکان:

1 - خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: {وَاللَّائِي يَئِسْـنَ مِنَ الْمَحِيضِ مِنْ نِسَـائِكُمْ إِنِ ارْتَبْتُمْ فَعِدَّتُهُنَّ ثَلَاثَةُ أَشْـهُرٍ وَاللَّائِي لَمْ يَحِضْـنَ} (الطلاق، ئایەتی: 4) دەڵێن ئەم ئایەتە بەڵگەیە کەوا کچی بچووک پێویسـتە لەســەری ئەگەر تەڵاق درا عیدە بگرێت وە گومانی تێدا نییە عیدەش بۆ کەسێکە کە پاش نیکاحێکی دروست تەڵاق درابێت، کەواتە دروسـتە بە پێی ئەم بەڵگەیە کە بەمنداڵی کچان بە شوو بدرێن.

2 - خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: {وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَى فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ}(النساء، ئایەتی: 3) شتێکی زانرا کەوا مەبەست لە هەتیو ئەو کەسەیە کەوا باوکی بمرێت پێش ئەوەی گەشتبێتە تەمەنی باڵغ بون، وەکچی هەتیویش ئەو کیژانەن کەوا هێشـــتا بـاڵغ نەبون و بـاوکیـان مردووە، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کەوا لە ئیمامی عەلییەوە دەگێڕنەوە کە لە پێغەمبەری خوداوە لەبەری کردووە فەرموویەتی: (لە دوای باڵغ بونەوە هەتیوی نامێنێت) (أبو داود، ســـليمان،

سنن أبي داود، ب:3، لا: 115، ذمارةى فةرمودة: 2873، باسى: ما جاء متى ينقطع اليُتم). کەواتە مەبەستی ئەم ئایەتە قورئانییە بە شودانی ئافرەتانی هەتیوەو ئەم ئایەتەش کاتێک بە تەواوی دێتە جێ کەوا بە شودانی هەتیو دروست بێت. (السرخسي، محمد، المبسوط، ب:4، لا: 214).

3 - خاتوو عائیشـــە لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا {فِي يَتَامَى النِّسَـــاءِ اللَّاتِي لَا تُؤْتُونَهُنَّ مَا كُتِبَ لَهُنَّ}(النســـاء، ئایەتی: 127) دەفەرمویت: لەســـەر ئەو کیژە هەتیوانە دابەزیوە کەوا لای پیاوێکی خزمی خۆیانن، ماڵ و ســـامانیان هاوبەش و تێکەڵ بووە، پیاوەکە نە خۆی دەیهێنێت نە پێی خۆشـە پیاوێکی دیکە بیهێنێت و ببێت بە هاوبەشـی لە ماڵ و سـامانی ئەم کچە هەتیوەدا، بۆیە هەروا دەیهێڵێتەوە نە خۆی دەیخوازێت نە دەیدات بە کەســـی دیکە، بۆیە خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاندو فەرمانی بە ســـەر پەرشـــتیارانی ئافرەتان کرد کەوا بیاندەن بە مێرد، یان خۆیان بیانهێنن یان بیاندەن بە کەســـانی دیکە، ئەمەش بەڵگەیە لەســـەر دروستی بە شودانی هەتیو (کە وەک باسمان کرد هەتیویش کەسێکە نەگەیشتبێتە تەمەنی پێگەیشتن). (السرخسي، محمد، ب: 4، لا: 214).

دووەم: بەڵگەکان لە فەرمودەی پێغەمەری خودا (درودی خودای لێبێت)و ئاکاری هاوەڵانیدا:

1 - عائیشـە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (پێغەمبەری خودا مارەی بڕیم لە تەمەنی شـەش سـاڵیدا، وە گواسـتمیەوە لە تەمەنی نۆ ساڵیدا). (النيسابوري، مسلم، صحيح مسلم، ب:4، لا: 315، ژمارەی فەرموده: 3018، باسی: التفسير).

2 - پێشـەوا عەلی کوڕی ئەبوو تالیب کیژی خۆی بە ناوی ئوم کەلسـوم داوە بە ئیمامی عومەری کوڕی خەتاب کە هێشـتا منداڵ بووە و نەگەیشتووەتە تەمەنی پێگەیشتن. (المقدسي، ابن قدامة، المغني، ب:7، لا: 40).

3 - قوددامەی کوڕی مەزعون کچی زوبەیری کوڕی عەوامی مارە بڕی هەر ئەو ڕۆژەی کەوا لە دایک بوو وەفەرمووی ئەگەر مام لە ژیاندا ئەوە فەخری ئەوەم پێدەبڕێت کە کچی زوبەیر بووە بە هاوژینم وە ئەگەر مەردیشم ئەوە تاکە کەسە کە زۆرم پێ خۆشـە میراتم لێ ببا. (ابن منصـور، سـعيد، سـنن سـعيد بن منصـور، ب:1، لا: 204، ژمارەی فەرموده: 639، باس: تزويج الجارية الصغيرة).

4 - وە هاتوە لە پەرتووکەکاندا کەوا عەبدوڵڵای کوڕی پێشـەوا عومەر (ڕەزاو ڕەحمەتی خودایان لێبێت) کچێکی بچووکی خۆی داوە بە عوروەی کوڕی زوبەیر. (الكاساني، أبوبكر، بدائع الصنائع، ب:2، لا: 240).

وە پیاوێکیش کچە بچووکەکەی خۆی پێشـکەش کرد بە عبدوڵڵای کوڕی حەســەنی کوڕی پێشـەوا عەلی (ڕەزا و ڕەحمەتی خوایان لێبێت) ئیمامی عەلیش کارەکەی پێ باش بوو.(السرخسي، محمد، المبسوط، ب:4، لا: 212).

خێزانی عەبدوڵڵای کوڕی مەسـعود کچێکی بچووکی خۆی مارەبڕی لە کوڕێکی موسـەیبی کوڕی نوخبە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودیش ڕێگەی بە کارەکە دا..(السرخسي، محمد، المبسوط، ب:4، لا: 212).

**سێیەم: بەڵگە لۆجیکیەکان:**

1 - لەبەر ئەوەی هەمان ئەو کەسەی کە سەرپەرشتیارێتی لە دوای باڵغ بوون، ئێستاش لە منداڵیدا هەر ئەو سەرپەرشتیارو وەلییەتی، وەکو: باوک و باپیر، وە لەبەر ئەوەی باڵغ بون و پێگەیشـتن هیچ تەئسـیرێکی نییە لەلابردنی سـەرپەرشـتیاردا، جا ئەگەر بێتو لەدوای باڵغ بون ئەو کەســـە هەر ســـەرپەرشـــتیاری بێت، ئەوە بەدڵنیاییەوە دەزانین لەمنداڵیشـــدا هەر ئەو وەلی و سەرپەرشتیارێتی. (السرخسي، محمد، المبسوط، ب:4، لا: 214).

2 - چونکە زۆر جار کەسی داواکەر ناوەستێت تا ئەو کاتەی کچەکە باڵغ دەبێت، بۆیە زۆر جار کچ بەهۆی بەشو نەدانیەوە کەسی هاوشانی خۆی لە دەست دەردەچێت، کەواتە پێویستە لەسەرمان کە بڵێین: دروستە کچ بە منداڵی بەشو بدرێت. (الزيلعي، عثمان، تبيين الحقائق شرح كنز الدقائق، ب:2، لا: 122).

3 - کچان لەکاتێکدا کە باڵغ بون و توانا و هێزیان پەیدا کردووە پێویســـتە ســـەرپەرشـــتیاری بە شـــووی بدات، کەواتە لە کاتێکدا کە منداڵەو تواناو هێزی هەموو دەرنەکەوتووە ئەوە بەدڵ نیاییەوە ســـەرپرشـــتیار بۆی گرنگترو لە پێشـــترە. (الزيلعي، عثمان، تبيين الحقائق شرح كنز الدقائق، ب:2، لا: 122).

**بۆچوونی دووەم:** هەر یەک لە زانایان ئیبنو شـوبرومە و، ئەبوو بەکری کوڕی ئەسـەم، وە عوسـمانی بەتی پێیان وایە: هیچ کەس دەسەڵاتی ئەوەی نییە کەکچی بچووک بە شو بدات هەتا ئەو کاتەی کەوا کچەکە دەگاتە تەمەنی باڵغ بون و ڕەزامەندی لێ وەردەگیرێت.

**زانایانی خاوەن ئەم بۆچوونەیش پشتیان بەستووە بەم بەڵگانەی خوارەوە:**

1 - پێویسـتە کچ و کوڕی نا باڵغ پرۆسـەی هاوسـەرگیری ئەنجام نەدەن هەتا { بلغوا النكاح} (النسـاء، ئایەتی: 6) دەگەنە تەمەنی باڵغ بوون، جا ئەگەر بێت و بڵێین هاوســـەرگیری پێش باڵغ بون دروســـتە ئەو کاتە ئەم ئایەتە هیچ ســـوودێکی نابێت. (السرخسي، محمد، المبسوط، ب:4، لا: 212).

2 - دەڵێن هاوسـەرگیری عائیشـە و پێغەمبەری خودای (درودی خودای لێبێت) تایبەتمەندییەکی پێغەمبەری خودا بووە هەروەک هەر یەک لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی لە هێنانی زیاتر لە چوار ژن و دروستی ئەوەی کە ئافرەتێک خۆی پێشکەش بکات هتد. (ابن حزم، علي، المحلی بالآثار، ب9، لا: 39).

3 - لە عەبدوڵڵای کوڕی بوریدەوە گێڕاویانەتەوە ئەویش لە باوکییەوە کەوا هەریەک لە پێشەوایان ئەبوبەکر و عومەری کوڕی خەتاب (ڕەزا و ڕەحمەتی خودایان لێبێت) داوای فاتیمەی کچی پێغەمبەری خودایان کردووە بەڵام پێغەمبەری خودا (درودی خودای لێبێت) لە جوابیاندا فەرموویەتی: فاتیمە جاریَ منداڵەو کاتی بە شودانی نییە، پاش ماوەیەک پێشەوا عەلی کوڕی ئەبوو تالیب (ڕەزا و ڕەحمەتی خودای لێبێت) داوای دەکات و هاوسەرگیری لەگەڵدا ئەنجام دەدات. (النیسابوري، الحاکم، المستدرك على الصحيحين، ب:2، لا: 181، ژمارەی فەرمودە: 2705، باسي: النكاح، حاكم دەڵێت: فەرمودەیەکی صەحیحە).

4 - دەڵێن بۆیە منداڵ پێویستی بە سەرپەرشتیارە چونکە بێ توانایە و توانای ڕاپەڕاندنی کارو بارەکانی نییە بەڵام ئەگەر هات و کارێک هیچ گرنگی و پێویستییەکی نەبو ئەوە هیچ پێویستی بە ڕاپەڕاندنی لەلایەن سەرپەرشتیارەوە نییە، وەک: بەخشین و سەدەقە بۆ نموونە، هەروەها منداڵ هیچ پێویستییەکی بە هاوسەرگیری نییە چونکە مەبەست لە هاوسەرگیری خاڵی کردنەوەی ئارەزووە جەستەییەکان و، وەچە خستنەوەیە، وە تەمەنی منداڵیش لەگەڵ هیچ یەک لەم دو خاڵەدا یەک ناگرێتەوە بۆیە دەڵێین بە دروست نەبوونی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە. (السرخسي، محمد، المبسوط، ب:4، لا: 212).

5 - بەڕاستی ئەنجام دانی هاوسەرگیری لە تەمەنی منداڵیدا درێژە دەکێشێت بۆ دوای پێگەیشتن و باڵغ بون، وە زانراوە هیچ کەس بۆی نییە کە مرۆڤێکی باڵغ پەیوەست بکات بەکارێکەوە کەنایەوێت ئەنجامی بدات، چونکە کەس دەسەڵاتی بە سەر مرۆڤدا نیە لە دوای باڵغ بونی کەوابو شێکیش لە منداڵییەوە درێژە بکێشێت بۆ کاتی پێگەیشتنی هەر لە ئێستاوە دەڵێین دروست نییە و، ئەنجامدانی باش نییە. (الكاساني، أبوبكر، بدائع الصنائع في ترتيب الشرائع، ب:2 لا: 24).

**سەرباسی سێیەم:**

**گفتوگۆ گفتوگۆکردن لەبارەی بەڵگەی هەردوو بۆچوونەکە و دەستنیشانکردنی بۆچوونی بەهێز:**

ئەو زانایانەی کە لەسەر بۆچوونی یەکەم بون، واتە: ئەوانەی کە پێیان وا بوو دروستە کچ بە منداڵی لە لایەن باوکییەوە بدرێت بە شـو، هەسـتان بە وەڵامدانەوەی بەڵگەکانی زانایانی بۆچونی دووەم، واتە: ئەو زانایانەی کە دژی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە بون، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

1 - دەڵێن بەڵگە هێنانەوە بە ئایەتی قورئان {حَتَّى إِذَا بَلَغُوا النِّكَاحَ} (النساء، ئایەتی:٦) دروستو لە جێی خۆی نییە؛ چونکە ئەم ئایەتە لە بارەی ماڵ و پارەی منداڵی بچوک دابەزیوە، وە ماناکەشی بەم شێوەیەیە: ئەو منالآنەی دەگەنە تەمەنی پێگەیشتن و باڵغبون پێویستە ماڵ و پارەی تایبەت بە خۆیانیان پێ بدرێتەوە، وە ئەم ئایاتە هیچ دیاریکردنێکی تەمەنی بە شـودانی کچانی تێدا دیاری نەکراوە، وە نەیوتووە ئەگەر باڵغ نەبوبێت دروست نییە بە شـوو بدرێت. (الزمخشـري، محمود، الكشـاف عن حقائق غوامض التنزیل، ب:1، لا: 473. الشقيرات، خالد، زواج القاصرات بين الشريعة والقانون، لا: 140).

2 - وە دەڵێن بۆچوونی ئیبنو شـوبرومە و هاوڕاکانی وەرناگیرێت چونکە پێچەوانەی یەک دەنگی تێکڕای زانایانە، وە پێشـەوا بوخاری لە کاتی وەڵام دانەوەی بۆچونی ئیبنو شـوبرومەدا دەڵێت: ئەم قسـەیەی ئەو هیچ یەک لە زانایان نەیان وتووە، کەواتە ئاوڕی لێ نادرێتەوە". (ابن بطال، علي، شرح صحيح البخاري، ب:7، لا: 247).

3 - لە وەڵامی ئەو بۆچوونەیش کە دەڵێت بۆیە هاوسەرگیری منداڵمان لا دروست نییە؛ چونکە منداڵ هیچ پێویستییەکی بە هاوسـەرگیری نییە، دەڵێن: خۆ پێویستییەکان تەنها تێرکردنی ئارەزووە سـێکسـییەکان و منداڵبون نییە، بەڵکو ئێمە چەندەها پێویستی دیکەمان هەیە، وەک: پێویستی هەردو هاوسەر بۆ شوێنی مانەوە، پێویستی خۆشەویستی و سۆز، پێویستی بۆ دڵ ئارامی و هەست کردن بە دڵنیایی، وە پێویستی یارمەتیدانی هەر یەک لەم دوو هاوسەرە بۆ یەکتر. (الشـقيرات، خالد، زواج القاصرات بين الشريعة والقانون، لا: 140).

4 - لەبارەی ئەو بۆچوونەش کە دەڵێت هاوسەرگیری دایکە عائیشە (سۆزی خودای لەسەر بێت) لەگەڵ پێغەمەری خودا (درودی خودای لەسـەر بێت) بابەتێکی تایبەتە بە پێغەمبەری خودا و بۆ کەسـی دیکە دروسـت نییە ئەنجامی بدات، دەڵێن: بە ڕاستی ئەم هاوسەرگیریە بابەتێکی زۆر بەربڵاو مەشهوورە لە نێو زانایاندا، ئەویشی بڵێت تایبەتە بە پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسـەر بێت) ئاوڕ لە بۆچوونەکەی نادرێتەوە؛ چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: {لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ}(الأحزاب، ئایەتی: 21) کەواتە هەرچییەک پێغەمبەری خودا بیکات پێویستە لەسەر ئێمە شوێنی بکەوین، مەگەر دەقێک بڵێت ئەمە تایبەتە بە پێغەمبەری خودا (درودی خودای لێبێت). (ابن حزم، علي، المحلی بالآثار، ب:9، لا: 40).

5 - سـەبارەت بەوەی کە ئەم هاوسـەرگیریە بابەتێکی کاتی نییە، بەڵکو گرێبەسـتێکە بۆ هەموو تەمەن، وە کارێک کە بۆ هەموو تەمەن بێت و ئاوا مەصیری بێ کەس ناتوانێت ئافرەتان ناچار بکات لەسەر شوکردن، دەڵێن: لەبەر ئەوەی گرێبەستەکە

بۆ هەموو تەمەنە پێویستە ئێمە ڕەچاوی هاوشانی هەردو هاوسەرەکە و، سود و قازانجی کچە بچووکەکە لەبەرچاو بگرین، وە ئەمەیش بە مەرج گیراوە لەلای زۆربەی هەرە زۆری زانایان. (الشقيرات، خالد، زواج القاصرات بين الشريعة والقانون، لا: 140).

6 - لە هاوسەرگیریدا چەندەها مەبەست و مەرام بە مەرج گیراوە کە بەئاسانی نایەتە جێ تەنها کاتێک نەبێت کە کوڕەکە هاوشانی کیژەکە بێت، وە کەسانی هاوشانیش دەگمەن و دانسقەن لە هەموو کاتێکدا دەست ناکەوێت، کەواتە پێویستییەکی زۆر هەیە بۆ جێگیرکردنی دەسەڵاتی سەرپەرشتیاران لە هاوسەرگیریدا بۆ کچانی پێنەگەیشتو، هەتاوەکو بتوانن بیاندەن بە هاوشان و هاو پلەی خۆیان؛ چونکە زۆر جار ئەگەر بێت و ئێمە بوەستین تا کیژەکە دەگاتە تەمەنی پێگەیشتن ئەوە دەبینین کە کەسانی هاوشانی خۆی نەماوە و ژیانی هاوسەرگیری پێك هێناوە. (السرخسي، محمد، ب:4، لا: 212-213).

**دووەم:** جوابدانەوەی زانایانی بۆچوونی دووەم (واتە: ئەوانەی کە هاوسەرگیری کچی بچوکیان لا دروست نەبو) بۆ بەڵگەکانی کۆی زانایانی خاوەن بۆچونی یەکەم، (واتە ئەوانەی کە دەڵێن هاوسەرگیری کچی نابالغ دروستە، لەلایەن سەرپەرشتیارەکەیەوە:

1 - لەبارەی بەڵگەهێنانەوەیان بە فەرمایشتی خوای گەورە: { وَاللَّائِي لَمْ يَحِضْنَ}(الطلاق، ئایەتی: ٤) واتە: ئەو ئافرەتانەی کە هێشتا باڵغ نەبوون. دەڵێین: بە ڕاستی بەڵگە هێنانەوەکەتان سەرکەوت و نەبو؛ چونکە ئەم فەرمایشتەی خوای گەورە دەکرێت بڵێین مەبەست لێی ئەو ئافرەتانەیە کە باڵغ بون بەڵام بە هۆکارێک لە هۆکارەکان نەکەوتونەتە نێو سووڕی مانگانە، وە دەشکرێت بڵێین: مەبەست لێی ئەو کیژانەیە کە نەکەوتونەتە نێو سوڕی مانگانە لەبەر کەمی تەمەنیان؛ کەواتە ناتوانین بڵێین تەنها تایبەتە بە کچانی منداڵ و نا باڵغ. (الكبيسي، محمود، حكم تزويج القاصرات، لا:10. المعلمي، عبدالرحمن، فوائد المجامع، لا: 112).

2 - سەبارەت بەو بەڵگانەی باسیان کردووە لە هەڵسوکەوتی هاوەڵان (ڕەزا و ڕەحمەتی خودایان لێبێت) دەڵێن: ئەم بەڵگانە لەوە دەرناچن کە بریتین لە تێگەیشتنی هاوەڵان بۆ ئەو دەقانەی تایبەتن بەم باسە لە قورئان و فەرمودەی پێغەمبەری خوا وە گومانی تێدا نیە زانایانیش لە بارەی بۆچونی هاوەڵانەوە ڕاجیاییان هەیە کە ئایا دروستە وەک بەڵگەی دڵنیاکەرەوە پشتی پێ ببەسترێت یاخود نا وە بۆچونی بەهێزیش ئەوەیە کە دروست نییە. (الكبيسي، محمود، حكم تزويج القاصرات، لا:10 ).

3 - سەبارەت بە بەڵگەهێنانەوەیان بە فەرمایشتی خوای گەورە: {وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَى} (النساء، ئایەتی: 3) لە وڵامدا دەڵێن: خۆ مەرج نییە کەهەتیو هەر بەوە بگوترێت کە پێش باڵغ بوون بە شو دەدرێت، بەڵکو دەکرێت مەبەست لێی ئەوانە بن کە دوای پێگەیشتنیان بە مێرد دەدرێن بۆیەیش پێیان وتراوە هەتیو پشت بەست بەو حاڵەتەی کە پێشتر لەسەری بون. (الكبيسي، محمود، حكم تزويج القاصرات، لا:11).

4 - دەڵێن: هۆکاری دانانی سەرپەرشتیار بۆ کچی نامباڵغ ئەوەیە کە ئەم کیژە بە هۆی کەمی تەمەنیەوە بۆچون و قسەکانی جێی متمانە نین، بەڵام لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە ئەویش ئەوەیە: ئایا ئەم کیژە لەم کاتەدا هیچ پێویستییەکی بە شوکردن هەیە؟ بە دڵنیاییەوە دەڵێین نەخێر، پاشان دەڵێن: تەمەنی منداڵی کێشەیەکە دەکرێت چارەسەر ببێت بە باڵغ بون، کەواتە با بوەستین هەتا باڵغ دەبێت پاشان بیدەین بە شوو. (العثيمين، محمد، الشرح الممتع على زاد المستنقع، ب:12، لا: 53).

5 - لە وەڵامی شوکردنی دایکە عائیشە بە پێغەمبەری خودا دەڵێن:

1- هەرچەند بەڵگەکەتان دروستە، بەڵام بەڵگە هێنانەوەکەتان نادروستە، ئایا ئێوە ئاگادارن کە پێشەوا ئەبوبەکر پرسی بە عائیشە کردبێت و ئەویش ڕەدی کردبێتەوە. (العثيمين، محمد، الشرح الممتع على زاد المستنقع، ب:12، لا: 55).

2- لەوە ئەچێت ئەو ڕوداوە پێش ئەوە ڕوی دابێت کە پێغەمەری خودا (درودی خودای لێبێت) فەرمانی دەرکردبێت بەوەرگرتنی ڕاو بۆچوونی ئافرەتان لە کاتی بەشوودانیاندا، وە بەدڵنیاییشەوە هەر وایە؛ چونکە شو کردنی عائیشە لە مەککە ڕوی داوەو فەرموودەکەی پێغەمبەریش (درودی خودای لێبێت) کە دەفەرموێ: مۆڵەت لە ئافرەتان وەرگرن کاتێک کە بەشویان دەدەن لە مەدینە فەرموویەتی. (المعلمي، عبدالرحمن، فوائد المجامع، لا: 112).

3- بە ڕاستی قیاسکردنی باوکانی ئەم سەردەمەش بە پێشەوا ئەبوبەکر قیاسێکی هەڵەیە؛ چونکە قیاس دەبێت قیاسکەر و قیاس بۆ سەرکراو هاوشێوە بن لە هۆکاردا، لێرەدا هیچ هاوشێوەیەک بونی نییە. (الكبيسي، محمود، حكم تزويج القاصرات، لا:11).

4- بۆی هەیە ئەم جۆرە هاوسەرگیریە تایبەت بێت بە پێغەمبەری خودا و بۆ هیچ کەسێکی دیکە نەبێت دووبارەی بکاتەوە. (الكبيسي، محمود، حكم تزويج القاصرات، لا:11).

5- چەندەها ڕیوایەتی دیکە هەیە، کە ڕەخنە لەم ڕیوایەتە دەگرن و دەڵێن: نەخێر عائشە (ڕەزای خودای لێبێت) کاتێك کەشوی کردووە بە پێغەمبەری خودا (درودی خودای لێبێت) تەمەنی (١٧) ساڵ بووە. (الكبيسي، محمود، حكم تزويج القاصرات، لا:11).



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**سێیەم: دیاریکردنی بۆچوونی بەهێز لە لایەن توێژەرەوە:**

لە دوای بەراوردکردنی بۆچوونی هەردوو لاو باسکردنی ڕەخنەو بەرپرچدانەوەی هەر لایەنێک لەسەر بەڵگەی لایەنەکەی دیکە گەیشـــتمە ئەو دەرئەنجامەی کەوا: هەمو ئەو بەڵگانەی زانایانی خاوەن هەردو بۆچون هێناویانەتەوە خاڵی نین لە بەرپرچ دانەوە ئەمە لە لایەک، لەلایەکی دیکە دەبینین هەموو ئەوانەی کەوا بە لایانەوە دروستە کچی بچوک لە لایەن سەرپەرشتیاریەوە بە شو بدرێت هەرچەند ڕەزامەندیش نەبێت پێیان باشترە کە ئەم کچەیە نەدرێت بە شو هەتا دەگاتە تەمەنی پێگەیشتن و پرسی پێدەکرێت، بەڵکو هەندێکیان دەڵێن لەگەڵ ئەوەی کە دروستە بە منداڵی لەلایەن سەرپەرشتیارەوە بدرێت بە شو، بەڵام لە هەمان کاتدا پێمان وایە کارێکی نەخوازراوەو، باشتر وایە کە باوکان و سەرپەرشتیکاران بە نزیکیدا نەچن.

بۆ نموونەی ئیمامی شافعی دەفەرموێت: سوننەتە باوک و باپیر کچی بچووک بە شو نەدەن هەتاوەکو گەورە دەبێت و دەگاتە تەمەنی باڵغ بوون، پاشـــان پرســـی پێ دەکەن. تاوەك و نەکەوێتە نێو زیندانی ماڵ و مێردێکەوە کە بەدڵی نییە. (النووي، محي الدين، المنهاج شرح صحيح مسلم، ب:9، لا: 206، باسی: تزويج الأب البكر الصغيرة).

ئیبن و نوجەیمی حەنەفیش دەڵێت: ئێمە دەڵێین بە دروستی ئەم جۆرە هاوسەرگیریە ئەگەر بێت و لە بەشـودانی کچی منداڵدا ســودێک هەبێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە هیچ ســودێک لە بەشـودانی ئافرەتی منداڵدا نییە. (ابن نجيم، زين الدين، البحر الرائق شـرح كنز الدقائق، ب:4، لا: 188).

خاڵێکی دیکەش هەیە هەموو زانیان لەسەری یەک دەنگن ئەوانەی کە پێیان وایە دروستە کچ بەمنداڵی بە شو بدرێت لەلایەن ســەرپەرشـتیارەکەیەوە ئەویش ئەوەیە: کە ئەم کچە ناپێگەیشـتووە دروسـت نیە بۆ مێردەکەی کە بیگوازێتەوە هەتا دەگاتە تەمەنی پێگەیشـــتن و توانای ســـەر جێی کردنی دەبێت، وە ئەم تەمەنەش لە کچێکەوە بۆ کچێکی دیکە دەگۆڕێت، ناتوانین بە تەمەنێکی دیاریکراوە ببیەستینەوە. (النووي، محي الدين، المنهاج شرح صحيح مسلم، ب:9، لا: 206، باسی: تزويج الأب البكر الصغيرة).

پشت بەست بەوەی کەوا تێپەڕی توێژەر گەشتە ئەو دەرئەنجامەی کەوا دروست نییە کچی بچوک بە شو بدرێت پێش ئەوەی بگاتە تەمەنی پێگەیشتن و، کامڵ بونی ئەندامەکانی لاشـەی، وە پێش گەیشـتنی بەتەمەنی ژیری ، واتە: هەتا نەگاتە تەمەنێک کە بکرێـت ڕەزامـەنـدی لێ وەربگیرێـت نـاکرێـت بەشـــێو بـدرێـت. وە ئەم تەمەنەش نـاتوانین تـایبەتمەنـدی بکەین بە ســـاڵێکی دیاریکراوەوە؛ چونکە گەیشتنە ئەم قۆناغە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت، بەڵکو من پێم باشە دیاریکردنی ئەم تەمەنە تایبەتمەند بکرێت بە کەسانی پەیوەست و شارەزا لە بوارەکەدا، یان بۆ دادگای پەیوەست بە بوارەکە بەجێ بهێڵرێت، تاکو ئەو کەســەی دەیەوێ ئەم پرۆســەی هاوســەرگیریە بە ئەنجام بگەیەنێت بڕوات پرس بە دادگای تایبەت بکات بۆ ئەوەی مۆڵەتیان لێ وەربگرێت بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیرییەکە، وە پێویستە لەسەر دادگاکانیش کەوا گرفت بۆ داواکەی دروست نەکەن بە پاساوی ئەوەی نەگەشتۆتە تەمەنی (١٨) ساڵ چونکە پەیوەستکردنی هاوسەرگیری بەم تەمەنەوە هیچ بنەمایەکی شەرعی نییە.

وە ئەو بۆچوونەیش کە ئێمە بە پەسەندمان زانی، پشتگیری کراوە لە لایەن هەردو یاسای مافی خێزانی عوسمانی و، یاسای باری کەسی عێراقییەوە، هەر وەک هاتووە لە بەندی حەوتی یاسای مافی خێزانی عوسمانی کەوا: دروست نیە بۆ هیچ کەس کە کوڕێکی بچوک ژن بۆ بهێنێت، کە هێشـتا نەگەیشـتووەتە تەمەنی حەڤدە سـاڵی یاخود کچێکی بچووک بە شـو بدات کە هێشـتا نۆ ساڵی تەواو نەکردووە لە کاتێکدا لە بەندی پێشتردا دەڵێت هەر کات کەسی هەرزەکار پێش ئەوەی هەژدە ساڵ تەواو بکات بڵێت باڵغ بوم ئەو پێویســـتە لەســـەر دادگا، ڕێگای پێ بدات کەوا پرۆســـەی هاوســـەرگیری بەئەنجام بگەیەنێت، بە مەرجێک توانای لەشولاری لەو ئاستەدا بێت. (الحنبلي، شاكر، قرار حقوق العائلة في النكاح المدني والطلاق، لا: 34، بەندی: 706).

هەروەها لە یاسـای باری کەسـی عێراقی سـاڵی: (١٩٥٩)ز هاتووە: بۆ گرێبەسـتی هاوسـەرگیری بە مەرج گیراوە: کەسـی پەیوەست بە پرۆسـەکە خاوەن عەقڵێکی تەواو بێت، وە تەمەنی گەشتبێتە (١٨) ساڵ. پاشان لە بەندی دواتردا هاتووە: هەر کات کەسێکی تەمەن پانزە ساڵ داوای کرد کە دەیەوێت ژیانی هاوسەرگیری پێک بهێنێت، پێویستە لەسەر دادوەر کە مۆڵەتی بدات، بە مەرجێک کەسی داواکار بیسەلمێنێت کە توانای هاوسەرگیری هەیە، وە لەش و لاریشی کامڵ بوبێت، ئەمەش لە پاش مۆڵەت وەرگرتن لە ســەر پەرشــتیارەکەی، بەڵام ئەگەر هاتو ســەر پەرشــتیارەکەی بەپەســەندی نەزانی و مۆڵەتی پێ نەدا، ئەوە دادوەر داوای لێ دەکات کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا مۆڵەتی پێ بدات، بەڵام ئەگەر هاتو سەرپەرشتیارەکەی هیچ تانەیەکی نەبو، یاخود هۆکاری ڕازی نەبونەکەی بابەتێك بو کە شـــایەنی ئەوە نەبو گرنگی پێ بدرێت، ئەوە دادوەر خۆی بەبێ پرســـی ئەو مۆڵەتی هاوسەرگیری پێدەدات. (البامرني، اسماعيل، المختصر المساعد في شرح قانون الأحوال الشخصيه العراقي، لا: ٦١-٦٢).

کە وابوو توێژەر پێی وایە هەر کات کوڕ و کچ گەشتنە تەمەنی پێگەیشتن و، توانای لاشـەیی هاوسـەرگیریان هەبو، دەتوانن هەستن بە ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە، بەبێ گوێدانە ساڵەکانی تەمەنیان؛ چونکە پێگەیشتنی مرۆڤەکان، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت، هیچ پێویست ناکات پابەند بین بە ساڵێکی دیاری کراوەوە.

**دەرئەنجام و ڕاسپاردەكان:**

لە ئەنجامی نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتمە ئەم دەرئەنجام و ڕاسپاردانەی لای خوارەوە:

**دەرئەنجامەكان:**

1 - مەبەست لە زو بەشودانی كچان لای شەرعزانەكان ئەوەیە: كەوا گرێبەستی هاوسەرگیری ئەنجام بدرێت لەگەڵ كچێكدا كە نەگەشتبێتە تەمەنی پێگەیشتن، یاخود لەشولاری توانای ئەو پرۆسەیەی نەبێت. بەڵام لای زانایانی بواری یاسا مەبەست لێی هاوسەرگیرییەكە كەوا كوڕ و كچەكە كەمتر بن لە تەمەنی یاسای هاوسەرگیری، كە ئەویش (١٨) ساڵە.

2 - كۆی زانایانی هەرچوار مەزهەبی سوننە و شیعەی ئیمامی و زاهیریەكان لایان دروستە كە كچ بە مێرد بدرێت لە لایەن سەر پەرشتیارەكەیەوە بە بچوكی، هەرچەندە بەم هاوسەرگیریش ڕازی نەبێت و پێی خۆش نەبێت، لە بەرامبەر بۆچونی زۆرینەی زانایان كۆمەڵە زانایەكی دیكەمان هەیە، كە ئەم هاوسەرگیرییە بە دروست نازانن كە ئەوانیش بریتین لە ئیبن شوبرومە و، عوسمانی بەتی و، ئەبو بەكری كوڕی ئەسەم.

3 - هەریەک لەو دو بۆچونەی كەلە سەرەوە ئاماژەمان پێدا لە لایەن زانایانیانەوە چەندەها بەڵگەیان بۆ هێندراوەتەوە، بەڵام هیچ كام لە بەڵگەكان بە دەرنین لە شرۆڤە و خوێندنەوەی جیاواز.

4 - بەڵام ئەو زانایانەش كە دەڵێن هاوسەرگیری منداڵ دروستە پێیان وایە كە باشترە ئەم هاوسەرگیریە ئەنجام نەدرێت تاوەكو كچەكە دەگاتە تەمەنی باڵغ بون و خۆی ڕەزامەندی دە دەدات لەسەر هاوسەرگیریەكە، بەڵكوو هەندێكیان دەڵێن ئەنجامدانی بە شودانی ئافرەتان لە پێش تەمەنی باڵغ بون كارێكی ناپەسەندە.

5 - پشت بەست بەوەی تێبەڕی، توێژەر گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی كەوا دروست نیە كچ بەشو بدرێت پێش ئەوەی بگاتە تەمەنی پێگەیشتن، وە پێش ئەوەی كەوا لە ڕوی لاشەیەوە توانای ئەم پرۆسەیەی هەبێت، وە پێم وایە ئەم تەمەنە پەیوەست نییە بە هیچ ساڵێكی دیاریكراوەوە بەڵكوو لە هەر ساڵێكدا مرۆڤ هەستی كرد كە توانای ئەم پرۆسەیەی هەیە دەتوانێت ئەنجامی بدات بە مەرجێک باڵغ بوو بێت.

6 - وە ئەم بۆچونەی كە من لێرەدا بە پەسەندم زانی لە لایەن هەر یەک لە یاسای باری كەسی عێراقی و یاسای مافی خێزانی عوسمانییەوە پشت ڕاست كراوەتەوە .

**ڕاسپاردەكان:**

1 - داواكارم لە توێژەرانی كورد: زیاتر توێژینەوە و لێكۆڵینەوە بكەن لەو بوارانەی كە تایبەتە بە یاسای باری كەسی، لە ڕوانگەی شەریعەت و یاساوە، وە بە زمانی شیرینی كوردی چونكە بە داخەوە زمانی كوردی لەم لایەنەوە زۆر هەژارە.

2 - داواكارم لە توێژەران هەوڵ بدەن دووبارە خوێندنەوەیەكی نوێ بۆ زۆرێک لە بابەتەكانی باری كەسی بكەن پشت بەست بە پێشكەوتنە نوێیەكان و، توێژینەوە تازەكان، وە بزانن هەموو ئەوەی كە لەسەر ئەم بابەتانە نووسراوە بریتیە تێگەیشتنێكی كەسی زانایان وەخۆی دەبینێتەوە لە تێگەیشتن و خوێندنەوەی ئەوان بۆ دەقە شەرعی و یاساییەكان، وە هیچیان دەقی پیرۆز نییە تا ئێمە نەتوانین بۆ چوونی خۆمان لە بەرامبەری دەرببڕین.

**سەرچاوەكان:**

1. الأنصاري، زكريا بن محمد، أسنى المطالب في شرح روض الطالب، الناشر: دار الكتاب الإسلامي، بدون طبعة وسنة الطبع.

2. البامرني، أ.د. إسماعيل على، المختصر المساعد في شرح قانون الأحوال الشخصية العراقي مع تعديلات برلمان إقليم كوردستان، الناشر: مكتبة البدرخانيين- دهوك، ط1، سنة: 2022م.

3. ابن بطال، علي بن خلف، شرح صحيح البخاري لإبن بطال، تحقيق: أبو تميم ياسر بن ابراهيم، الناشر: مكتبة الرشد- الرياض، ط2، سنة: 2003م.

4. جميل، هاشم، فقه الإمام سعيد بن المسيب، الناشر: المكتبة الوطنية بإشراف رئاسة ديوان الأوقاف- جمهورية العراقية، سنة: 1975م.

5. الجوهري، اسماعيل بن حماد، الصحاح تاج اللغة وصحاح العربية، تحقيق: أحمد عبدالغفور عطار، الناشر: دار العلم للملاين-بيروت، ط4، سنة: 1987م.

6. أبو جيب، سعدي، موسوعة الإجماع في الفقه الإسلامي، ، الناشر: دار الفكر- ديمشق، ط4، سنة: 2011م.

7. ابن حزم الظاهري، علي، المحلى بالآثار، الناشر: دار الفكر- بيروت، بدون طبعة وسنة الطبع.

8. الحلي، مختلف الشيعة، بدون الطبعة وسنة الطبع.

9. الحنبلي، شــاكر، قرار حقوق العائلة في النكاح المدني والطلاق، الناشــر: مطبعة الترقي- ديمشــق، بدون طبعة، ســنة: 1936م.
10. حيدر، علي، درر الحكام في شرح مجلة الأحكام، الناشر: دار الجيل، ط1، سنة: 1991م.
11. الخراساني، سعيد بن منصور، سنن سعيد بن منصور، تحقيق: حبيب الرحمن الأعظمي، الناشر: دار السلفية- الهند، ط1، سنة: 1982م.
12. خيري، د. أحمد، تزويج الصغيرة في ظل التحديات المعاصرة دراسة فقهية مقاصدية مقارنة، بحث منشور في مجلة كلية الدراسات الإسلامية بنين بأسوان، العدد:3، سنة: 2020م.
13. الرازي، أحمد بن فارس، معجم مقايس اللغة، تحقيق: عبد الســلام محمد هارون، الناشــر: دار الفكر- بيروت، بدون طبعة، سنة الطبع.
14. الزبيدي، محمد بن محمد، تاج العروس، تحقيق: مجموعة من المققين، الناشر: دار الهداية، بدون طبعة وسنة الطبع.
15. الزمخشري، محمود بن عمرو، الكشاف عن حقائق غوامض التنزيل، الناشر: دار الكتاب العربي- بيروت، ط3، سنة: 1407هـ.
16. الزيلعي، عثمان بن علي، تبيين الحقائق شــرح كنز الدقائق، الناشــر: المطبعة الكبرى الأميرية- القاهرة، ط1، ســنة: 1313هـ.
17. السجستاني، سليمان بن الأشعث، سنن أبي داود، تحقيق: محمد محيي الدين عبدالحميد، الناشر: المكتبة العصرية- صيدا-بيروت، بدون الطبعة وسنة الطبع.
18. السرخسي، محمد بن أحمد، المبسوط، الناشر: دار المعرفة-بيروت، بدون طبعة، سنة: 1993م.
19. الشقيرات، صالح خالد، زواج القاصرات بين الشريعة والقانون، مجلة جامعة الشارقة، المجلد:16، العدد: 2، سنة: 2019م.
20. الشوكاني، محمد بن علي، نيل الأوطار، تحقيق: عصام الدين الصبابطي، الناشر: دار الحديث- مصر، ط1، سنة: 1993م.
21. الشيرازي، أبو اسحاق، المهذب في فقه الإمام الشافعي، الناشر: دار الكتب العلمية-بيروت، بدون طبعة وسنة الطبع.
22. الصاوي، أبو العباس أحمد، بلغة السالك لأقرب المسالك المعروف بحاشية الصاوي على شرح الصغير، الناشر: دار المعارف، بدون الطبعة وسنة الطبع.
23. الطوسي، ابن حمزة، الوسيلة الى نيل الفضيلة، بدون الناشر والطبعة وسنة النشر.
24. عبدالحميد، د. أحمد مختار، معجم اللغة الربية المعاصرة، ط1، سنة: 2008م.
25. ابن العثيمين، محمد بن صالح، الشرح الممتع على زاد المستقنع، الناشر: دار ابن جوزي، ط1، سنة: 1422-1428هـ.
26. الفراهيدي، خليل بن أحمد، كتاب العين، ، تحقيق: د. مهدى المخزومي- د. إبراهيم الســامرائي، الناشــر: دار ومكتبة الهلال، بدون طبعة وسنة الطبع.
27. قانون الأحوال الشخصية لعام: 1959م، رقم: 188.
28. قانون رعاية القاصرين، رقم(78)، سنة: 1980م.
29. القرطبي، أبو عمر يوسف بن عبدالله، الكافي في فقه أهل المدينة، تحقيق: محمد محمد أحيد الموريتاني، الناشر: مكتبة الرياض الحديثة- الرياض، ط2، سنة: 1980م.
30. الكاساني، أبو بكر بن مسعود، بدائع الصنائع في ترتيب الشرائع، الناشر: دار الكتب العلمية-بيروت، ط2، سنة: 1986م.
31. الكبيسي، د. محمود مجيد سعود، حكم تزويج القاصرات، البحث منشور في موقع: رابطة العالم الإسلامي، في الدورة الحادية والعشرون للمجمع الفقهي الإسلامي المنعقدة في مكة المكرمة.
32. المُعَلمي، الشيخ عبدالرحمن بن يحيى، فوائد المجاميع، تحقيق: علي بن محمد العمران- نبيل بن نصار السندي، الناشر: دار العلم الفوائد، بدون طبعة وسنة الطبع.
33. المقدسي، ابن قدامه، الشرح الكبير على متن المقنع، الناشر: دار الكتاب العربي للنشر والتوزيع، بدون طبعة وسنة الطبع.
34. المقدسي، ابن قدامه، المغني، الناشر: مكتبة القاهرة- مصر، بدون طبعة، سنة: 1968م.

35. ابن المنذر، أبو بكر محمد بن ابراهيم، الإشـــراف على مذاهب العلماء، تحقيق: أبو حماد صـــغير أحمد الأنصـــاري، الناشر: مكتبة مكة الثقافية- الإمارات، ط1، 2005م.

36. ابن منظور، محمد بن مكرم، لسان العرب، الناشر: دار صادر-بيروت، ط3، سنة: 1414م.

37. ابن نجيم، زين الدين بن ابراهيم، البحر الرائق شـــرح كنز الدقائق، الناشـــر: دار الكتاب الإســـلامي، ط2، بدون ســـنة الطبع.

38. النووي، أبو زكريا محيي الدين النووي، المنهاج شـرح صـحيح مسـلم بن الحجاج، الناشـر: دار احياء التراث العربي-بيروت، ط2، سنة:1392هـ.

39. النيســابوري، الحاكم بن عبدالله، المســتدرك على الصــحيحين، تحقيق: مصــطفى عبدالقادر عطا، الناشــر: دار الكتب العلمية-بيروت، ط1، سنة: 1990م.

40. النيسابوري، مسلم بن الحجاج، المسند الصحيح المختصر بنقل العدل عن العدل إلى رسول الله صلى الله عليه وسلم، تحقيق:محمد فؤاد عبد الباقي، الناشر: دار احياء التراث العربي-بيروت، بدون طبعة وسنة الطبع.